یەشار کەمال لە نێوان کوردبوونی و تورک بوونیدا..
نوسینی: ئیدریس مستەفا

وتەیەکی پەویست: کەس ناتوانێ نکۆلی لە گەورەیی یەشار کەمال بکات وەک رۆمانوسێکی تورکینوس و ئەدیبێکی گەورەی تورکیا، بەڵام کاتێک بەهای رۆچنووسکی کوردبوونیەوە دەکرێت بە نوسەر و رۆمانوسێکی دیاری کورد و بەرهەمکانی باسی کورد و دەزی کورد دەکات، ئەوا ئەمە غەدر لە خەمان و یەشار کەمالیش دەکەین. غەدر لەو دەکەین گەر بیکەین بە رۆمانوسکی کورد و غەدر لە خەشمان دەکەین گەر دەمان بە کوردبوونی ئەو خەش بکەین. ئەو وەک خەی چانە با ئاوها سەیر بکرێت دوور لەهەر هەست و سۆزکی کوردانە؛ ئەو نەهی لەوە ناکات کە بە رۆچنووک کوردە بەڵام وەک خەی دەڵێت "من نوسەریکی تورکم و هەموو ژیانم لە پەیناو زمان و فەرهەنگی توکیدا داناوە." (س١) هەر بەیە هیچ یەکێک لە بەرهەمکانیشی باس لە کورد و دەزی کورد ناکات.

وشەیک بە باسەکە: ئاستی وێژەیی رۆمان, وەک زمان و تەکنیکی نوسین، رێگەزکی گرنگە بەڵام لەوانە گرنگتر بابەتکانی ناو رۆمانە. ئەوەی نەمری رۆمان دەهێنێتەوە بابەت و رەهەندی چیرۆک و رووداوکانی ناوێتی نێک ئاستە وێژەییەکەی . رۆمانوسیک کە وەاتەکەی هەمەش پە لە کارەساتی مرۆیی بە و میللەتەکەی لە ژیانکی پە مەینەتیدا بە جیاوازە لەو رۆمانوسەی لە وەاتەکی ئارام و دوور لە شەوای سیاسی و کەمەایەتی و شێی فەرهەنگیدا بژی. رۆمانوسی تەرزی یەکەم ئەوەی لە داوا دەکرێ یاخود هەر بە سروشت بەرهەمکانی مەرگەسات و مەینەتیکانی وەاتەکەیی و میللەتەکەی خەی دەنوسێتەوە بەڵام گەر ئەمەی نەکرد واتە تەنها هی وەاتەکەی تەمار بکات و هی میللەتەکەی خەی فەرمەش کرد ئەوا دەکەوێت بەردەم پرسیارکی مەزوویەوە. یەشار کەمال بە ئاشکرا و راستەوخۆ مەینەتیکانی تورک و یەنانیکانی ناو تورکیا نوسیوەتەوە بەڵام بە هیچ کلەجک باسی کوردی نەکردووە چ بە ناراستەوخۆ و چ بە پەنهانیش. بەڵی بەرهەمی هەن کە ئەمەی کورد دەزانین لە ناوچە کوردیکاندا رووددەن بەڵام دوور و نزیک بە لای کورد و پرسکەیدا ناچێت و بە جێگەی کورد و ماکی مرۆی کورد لای ئەو تەمار نەکراوە. پیشاندانی جوگرافیا لە رۆماندا مانایکی ئەبستراکت دەبەخشێ گەر رێگەزە مەزوویەکان و رۆچنووکە مرۆیەکانی وەک ئەوەی هەن تێدا

نەنوسرێتەوە. هیچ بەهانەیەک ناتوانێ یەشار کەمال لێو حوکمی مەژووییەوە قورتار بکات گەر بێتو ئەمە سووربین لەسەر پرۆژەی بە کوردی کردنی.

ناسینی یەشار کەمال لە ناو ئەمەدا

لە مەژە باس و خواسی کورد بوونی یەشار کەمال هەواڵکی گرنگ و دڵخۆشکەرییە لە ناو ئەمەی کوردانی باشوردا. چەند هەکارێک هەن کە یەشار کەمالیان لەسەر هەر دوو ئاستی جیهانی و کوردستانی ناساندووە. ئەوەی بە لای منەوە گرنگە لایەنە کوردستانیەکەیەتی کە لەرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێدەم، بەڵام لایەنە جیهانیەکەیشی بەخێی تەواوکەرە لەگەڵ کوردستانیەکەیدا بێیە دەبە ئاماژەیەکی کورتی پێ بدرێ پێش کوردستانیەکەی. وەرگێڕان دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ لە ناساندنی هەر بەرهەمەکی ئەدەبیدا. هاوسەری یەکەمی یەشار کەمال خاتوونێکی بە ئاین جوو بوو بە ناوی "تیەدا سەرەر ١٩٢٣-٢٠٠١" (س١) تیەدا خانم بەو پێیەی لە بنەماڵەیەکی ناوداری جووی دەوڵەمەندی، لە هەردوو بواری زانستی و ئابووری، شاری ئیستانبوڵ بووە ئینگلزیەکی باشی زانیوە. دوای ئەوەی لەگەڵ یەشار کەمالدا ژیانی خێزانی پێکەوە دەنێن لە ساڵی ١٩٥٢، توانیوێتی حەقدەبەرهەمی گەورەی یەشار کەمال لە زمانی تورکیەوە وەربگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی لەوانە حەمدێک ساڵی ١٩٦١. هەر ئەو وەرگێڕانانەش بووە هەی ناساندنی یەشار کەمال لە سەر ئاستی جیهانی و چەندان خەڵاتی جیهانی وەربگرێ و ناویشی هەبژردرێ بە خەڵاتی نەبەڵ.

لەسەر ئاستی کورستانیش بە تایبەت باشور، وەرگێڕانی بەرهەمەکانی یەشار کەمال بە تایبەت لەسەر دەستی عەبدوڵای حەسەن زادە و شکور مستەفا دەورێکی گەورەی گێڕا لە ناساندنی یەشار کەمال بە خوێنەری کورد. دواتر، کەچی بە کەمێی کوردان بەتایبەت کوردستانی باشور بە ئەوروپا لە ڕێگەی تورکیاوە ئەو دەرفەتەی بە کەمێی خەڵک بەخشی کە ئاشنا بن بە دونیای ئەدەبی و هونەری و تەنانەت سیاسی تورک بەتایبەت ئەوانەی بە ڕەچەڵەک کوردن وەک یەشار کەمال و ئەحمەد قایە و لەیلا زانا و ئەحمەد تورک؛ ئینجا ئەرهان پامەک و ئیسماعیل بەشکچی و جەنگیز چاندار. مەسەلەی بە ئەندام بوونی تورکیا و ئەو فشارەی ئەوروپا لەسەر توکیا هەیەتی سەبارەت بە مافی مرۆڤ و ئازادیە فەرهەنگیەکان لەوان کورد ئەو نوسەر و کەسانەی زیاتر ناساند بە کورد کە باسیان لە پشتڵکردنی مافەکانی کورد دەکرد. هەر لەو دەمەدا، واتە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان، یەشار کەمال دوای حەفتا و دوو سال لە تەمەنی خێی وتارێکی نوسی لەمەڕ پەلاماری

سوپای تورکیا بەسەر گوند و ناوچە مەدەنیەکانی ئاو ناوجانەی کوردنشینن؛ و لیدوانەکانی ئەرهان پامەک سەبارەت بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان و کوشتارگەی کوردان لە تورکیادا، بانگ کردنیان بە بەردەم دادگا و سەپاندنی چەندان مانگ زیندانی بەسەریاندا هەراوزەنایەکی بە شوماری دروست کرد لە دونیای رۆژئاوادا. ئەم حالەتە هاوسەزیەکی نەتەوەیی نوخبەیەک لە رۆشنبیری کورد لە هەردوو بەشی باشور و رۆژهەڵات دروست کرد بەرامبەر یەشار کەمال و هەروەها هەوڵستەکی مەراڵیشی هەنایە پێش بە ئەرهان پامەک. تەرجەمەکردنی بە شوماری بەرهەمەکانی هەردوو نوسەر لەم سالانەی دواییدا کتێبخانەی کوردیان پر کردووە.

دوو جەر تەوانین لەسەر یەشار کەمال

لەم ساڵانەی دواییدا دوو جەر لە تەوانین هاتەدەر بەرامبەر بە یەشار کەمال. یەکەکیان رۆخنەی ئاوەی لیدگرن کە "بە زمانی بگانە نووسیوەتی و خزمەتی زمان و ئەدەبی تورکی کردووە." کە لای من ئەم دیدە لەگەڵ ئاوەی حەقانیەتەکی تێدایە و نوسەر دەیتوانی فەری زمانی دایکی ببێت زەر بە باشی بەکار ئەم زەر گرنگ نیە چونکە بە ئاسانی ئاو هەکارە مەژووییە سیاسیانە فەرامۆش دەکات کە لە تورکیا و سوریا و ئێران کوردان ناتوانن بە زمانی خۆیان بنوسن و بخوێنن، بەکام دەتوانن لە رەگەی زمانی میللەتی سەردەستەوە ناسنامە و مەژوو و ئێش و ئازارەکانی میللەتەکەی خۆی بنوسێتەوە هەر وەک چۆن سالیم بەرکات لە رەگەی زمانی عەرەبیەوە باسی کورد و مەینەتیەکانی و پرسەکانی دەکات. ئایا یەشار کەمال ئەمەی کردووە؟ ئەمە پرسیارە بنەڕەتیەکەی ئەمەیە کە هەکاری نوسینی ئەم باتیە. تەروانینی دووەمیان زەرتر لەسەر هەست و سۆزەکی نەتەوەیی بونیادنراوە هەرچەندە کاری بە دیدەکەی خۆی کردووە بە وەرگیەانی جەندان بەرهەمی یەشار کەمال و بەخستنی پرۆژیەک بە بە کوردی کردنی یەشار کەمال لە هەر دوو ئاستی زمان و کەستیدا، لەمەش زیاتر دیانەوە روحی کورد بوون بکەنەوە بە بەری یەشار کەمالدا. من لەڕەدا بە دوای ئاوەوە نیم لە گرنگی و بایەخی یەشار کەمال وەک نوسەرەک کەم بکەمەوە بەکو دەمەوە رۆخنە لە تیزی گەانوەی زمانی کوردی بە یەشار کەمال و بە کوردی کرنی کەستی یەشار کەمال بگرم بە لەبەرچاوگرتنی فاکتە مەژووییەکان و بەرهەمەکانی خودی نوسەر. ئاوە شتەکی بەگەنەویستە کە یەشار کەمال وەک نوسەرەک چۆن دەینوسی و جەند خزمەتی بە دنیای ئەدەب و نوسین کردووە تەماشا بکەین ئاوە باسەکی تەر؛ بەکام، ئەگەر وەک نوسەرەکی کورد کە خۆی و بەرهەمەکانی لە سەر کورد و دەزی کورد بە ئاوا خودی یەشار کەمال و

ئەوانەشی ئاوها لێی دەڕوانن دەکەونە بەردەم پرسیارگەلێکی گرنگەوە. ئەم نوسینەی من لەکەینەوەیەکی رەخنەیی لەو راستایەوە!

نوسینێک بە پرۆژەی بە کوردی کردنی یەشار کەمال

لە نەوەندی رەشنبیری ئەمەدا بیر و بزاوتێک هەیە کە دەیانەوێ یەشار کەمال بکەن بە کورد. لەم راستایەدا وتارێک و پەرەگرافێکی فەیسبوکی لەبەرچاو دەگرم. یەکێکیان هی کاک بەکر شوانیە سەبارەت بە گەڕانەوەی زمانی کوردی بە یەشار کەمال. ئەوی تریش، پەرەگرافێکی نوسەر و شاعیری کوردستانی رۆژهەڵات کاک ناسری حسامیە کە لە فەیسبوکی خۆی دایگرتووە و کاک بەکر لە وتارێکی خۆیدا دایکگرتۆتەوە. لەوەدا کاک ناسر تیئۆری بە کەستی کوردی کردنی یەشار کەمال ئاماژە پێدەدات.

یەشار کەمال (١٩٢٣-٢٠١٥) وەک لای هەموان ناسراوە یەکێک لە رەمانوسسە بە تواناکانی تورکیا و جیهانە و بەرهەماکانی بە چەندان زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە لەوانەش کوردی. باکگراوندی رەگەزی نەتەوەیی یەشار کەمال کە کوردە بۆتە جێگەی شانازیەکی گەورە بە ژمارەیەکی زۆر لە نوسەر و قەڵەم بەدەست و نیوەندی رەشنبیری کوردی. پرۆژەی گەڕانەوەی زمانی کوردی بە یەشار کەمال مەبەست لێی وەرگێڕانی تەواوی بەرهەمەکانی یەشار کەمالە بە زمانی کوردی چونکە وەک کاک بەکر دەڵێ "بەن و بەرامەی کوردی و کوردەواری لە بەشی زۆری ڕەمان و چیرۆک و ئیپەرتاژ و وتارەکانی یەشار کەمالدا هەیە." (س٢). بەڵام، دەبێ پرسیار بکەین ئایا تا چەند یەشار کەمال کورد بووە و ژیان و بەرهەمەکانی تا چەند پەیوەندیان بە کورد و دەزی کوردەوە هەیە.

ئەگەر بڵێین یەشار کەمال وەک نوسەرێک چۆن دەینوسی و چەند خزمەتی بە دنیای ئەدەب و نوسین کردووە تەماشا بکەین ئەوە باسکی تر؛ بەڵام، ئەگەر وەک مرۆڤێکی کورد و نوسەرێکی کورد کە خۆی و بەرهەمەکانی لە سەر کورد و دەزی کورد بە ئەوا خودی یەشار کەمال و ئەوانەشی ئاوها لێی دەڕوانن دەکەونە بەردەم پرسیارگەلێکی گرنگەوە.

"نوسەر دەبێ قسەی هەبێ لەسەر رووداوەکان" (یەشار کەمال)

نوسەر ئەو نوسەرەیە بەرهەمەکانی رەنگدانەوەی رووداوەکانی وەتەکەی و میللەتەکەی بێت. واتە دەبێ قسە و هەلویستی لەسەر رووداوە گرنگەکانی وەات هەبێ. ئەمە ئەو تێگەیشتنە بنەڕەتی و سادەیەیە کە هەر ئەدیبێک و لێکۆڵەرێک و ڕەشنبیرێک دەیزانێ کە نوسەر دەبێ وابێ بەیە کە یەشار کەمال خۆی لە چاوپێکەوتنێکیدا

سەبارەت بە پەشەلکاریەکانی تورکیا دژ بە کورد دەڵێ: "بە چەندان شەو خەو نەدەچووە چاوم. ویژدانم ئازیەتی دەدام. بە خەمم دەگوت تە نوسەری، تە هەر دەبە قسەت هەبە." (س١) بەڵام، ئایا یەشار کەمال وابوو؟ گەر وابوو بۆچی تاکو تەمەنی حەفتاودوو ساڵی نەهاتە دەنگ لەسەر کەشێک کە لەو وەاتەدا بە درۆزایی تەمەنی خۆی تا ئەو رۆژەی کۆچی هەتاهەتایی کرد بوونی هەبووە و هەیە. ئەو رووداوە گرنگ و هەستیارانەی لە تورکیا بەرامبەر بە گەلانی غەیرە تورک کرا، بە تایبەت کورد لە تورکیای نوێدا، چارنوسیانی بە چەندان سەدە و بگرە هەتا هەتایە دیاری کرد، ئایا نەدەبوو رەنگدانەوەی هەبوایە لەسەر کاروبارەمەکانی؟ نەدەکرا، بەڵای کەمەوە، یەکێک لە رەمانەکانی راستەوخۆ لەسەر مرۆڤی کورد و ژیانکەی بوایە؟ کۆچی هیچ یەکێک لە رەمانەکانی ناچن بەڵای ئەو رووداوانەدا.

گەر لەسەردەمی عوسمانیدا بەشی زۆری کوشتارگەی مرۆڤە غەیرە تورکەکان بەر ئەرمەنیەکان کەوت ئەوا ئەوا لە سەردەمی نوێی تورکیادا کورد ئەو بەشە زۆرەی بەردەکەوێت و بگرە گەر مەرگەساتی ئەرمەنەکان لە قەناغێکی دیاریکراودا پیادەکرا و تەوابوو ئەوا مەرگەساتی کورد نەبەاوتەوە و لەوساوە بەردەوامە تاکو ئێستا.
نوسەر چیە گەر بەرهەمەکانی رەنگدانەوەی ئەو مەژووە نەبێت کە خۆی تێیدا ژیاوە. لە ژیر هەر بیانوویەکدا بێت ئەو رەنگدانەوەیە نەبێتە تۆشووی بەرهەمەکانت ئەوا لەبەردەم مەژوودا بەرپرسیار دەبیت. ئەوە دروستە تورکیا سەرکوتترین رژێمی ناوچەکەیە دژ بە کورد، بەڵام ئایا ئەمە دەبە وا لە نوسەرێکی گەورە بکات کە بە درۆزایی نەوەد و دوو ساڵ لە تەمەن هیچ یەکێک لە بەرهەمەکانی رەنگدانەوەی کارەسات و مەرگەساتە بەردەوامەکانی میللەتەکەی نەبێت. نوسین بە زمانی میللەتی سەردەست دەرفەتێکی ئاڵتونیە کە مەژوو بۆخۆ و خەڵکەکەت بنوسیتەوە. یەشار کەمال لە پەناو بیروباوەڕی چەپ بوونی خۆیدا و لە ترسی دەستگیرکردنی، تورکیا بەجێدەهێڵێ و دەچێتە هەندەران و نزیکە دوو ساڵێک دەمێنیتەوە لەوێ، ئایا نایدەتوانی لەو مەژووە دوورەمەندە بە کارەساتباراویەی کورد رەمانیک بنوسێ و لە پەناویدا تورکیا بەجێبهێڵێ روو لە هەندەران بکات، یاخود لە ناوەوەی وڵات بمێنێتەوە و وەک ئیسماعیل بەشکچی و پامەک و ئەحمەد قایا و ،،،هتد بەرەو رووی داداگا و زیندانی بێتەوە.

ئەحمەد قایا لە بەرامبەر یەشار کەمالدا

ئەحمەد قایە و یەشار کەمال هەر دوو بە رۆچەڵەک کوردن و لە هەمان

وەاتی تورکیا دەژین و هەمان ژینگەی سیاسی و فەرهەنگیان هەبوو بۆیە ئەحمەد قایە توانیتی جەسارەتی خۆی نیشاندا لەوەی لە دوا ساڵەکانی ژیانی خۆیدا دانی پێدا نا کە چ هەڵەیەکی گەورەی کردووە لەوەی خزمەتی بە هونەری تورکی کردووە. خۆزگە یەشار کەمالیش نەک لە دوا ساڵەکانی خۆیدا بۆیکو لە دوا ساتەکانی خۆیدا دانپێدانانیکی وێژدانی وەک ئەحمەد قایەی دەبوو بۆیە نەیبوو ئەوا ئەو راستگۆ بوو لەگەڵ خۆی و ئەوە ئەمەین ئیخۆی بڕنادەین. ئەو راستگۆبوو لەوەی کە نوسەرێکی تورکە و تەواوی ژیانی خۆیشی لە پێناو نوسین و فەرهەنگ و زمانی تورکیدا خەرج کرد. لەڕدا بە پێویستی دەزانم کە جەند دەقێکی ئەحمەد قایە بهێنمە بەر دیدەی خوێنەر و ئەو حوکمەی سەر یەشار کەمال بە خوێنەر بە جەدەهەم. قایە دەڵێت: "هەموان دەیانزانی کوردم بۆیە کاتێک لەزاری خەڵوە بیستیان هەموشتێکی سەر مەزکانیان تێگرتم لەوکاتەدا دەم زڕ توندبوو لەناخەوە بە بێکەسی خەم دەگریام کەنەمدەزانی چۆن بە دوو دەست بەرگری لەخەم بکەم لەوشتانەی پێیاندا دەدام، بەخەمم دەوت ئەوە باجی چل ساڵ خزمەتکردنتە بەهونەرو ئەدەبیاتی تورک، بۆیە ئەو سوکایەتی پێکردنە حاڵی کردم خزمەتکردنم بەتورک کارێکی بە مەشکانەبووە."

بەرپرسیارەتی مەژووویی یەشار کەمال لەوەدا دەجەتە گەردنی کە کوردە و ئەمە دەیکەین بە کورد بۆیە ئەو کە خوی دەڵێ "من نوسەریکی تورکم و هەموو ژیانم لە پێیناو زمان و فەرهەنگی تورکیدا داناوە" کەواتە با واز لە کوردبوونی بهێنین و نە ئەو و نە خۆشمان توشی سەرگێژانە نەکەین و ئەو نرخی بدەینە کە خۆی هەیەتی؛ ئەگەرنا، لەمەزیاتر ئەمە خەمان ماندوو دەکەین و ئەویش دەخەینە ژێر پرسیارەوە. داواکردنی ئەو کە بەرهەمەکانی بکرێ بە کوردی هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و ناتوانرێ بەرگی کوردبوون بکرێتەوە بە بڕی یەشار کەمالدا. وەرگێڕانی هەموو بەرهەمەکانی ئەو بە سەر زمانی کوردی وەک هەموو ئەو زمانانەی تر وایە کە بەرهەمەکانی تێدا وەرگێردراوە. ئەو بە ڕەکەوتێکی مەژووویی لە خەزانەکیی کورد لە دایک بوو کە هەبژاردەی خۆی نەبووە وەک هەر یەکێک لە مرۆڤەکانی ئەم سەر زەمینە. بوون بە نوسەریکی تورک زوبان و تەرخان کردنی هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی زمان و فەرهەنگی تورکیدا ئەوە هەبژاردەی خۆیتی کە بەوپەڕی کەمالی عەقڵی خۆیەوە ئەو ڕێچکەیەی هەبژاردووە و دەبە ریزی لە بگرین و نۆیکەن بە شتێکی تر. من دڵنیام گەر سەردانی بەردەوام و پێوەندی بەردەوام نەبوایە یەشار کەمال بەخۆی ئەم بابەتی کوردبوون و پرۆژەی کوردبوونەی بە قازیە نەبووە وەک ئەمە لە هزری خەماندا لێکی دەدینەوە.

یەشار کەمال و سیاقی تاریخی

"هەستنگاندن و تێگەیشتنی بابەتیانە لەهەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە کەنتەکستە مێژوویییەکەیدایە." چونکە "کەنتەکستی مێژوویی بەشێکی ئەجگار گرنگە لە ژیان و کاری ئەدیبیدا و بە ئاو هەر کاراکتەر و یادەوەری و چیرۆکێک کورت دەهێنن." (٨س) گەر بەتوو رەمانکانی یەشار کەمال بدەینە بەر رەزنەی ئاو سیاقە تاریخییەی کە خەی و میللەتەکەی تێیدا ژیاون ئاوا گشت بەرهەمەکانی دەکاونە بەر تیغی رەخنەی جدیاو لاوەی هیچ بەرهەمێکی باسی کورد و دەزی کورد ناکات. زمان و داشتن و ئاستی وێژەیی رەگەزگەلێی گرنگن بەڵام رەگەزێک کە لەسەرووی هەمووانەوە بابەتکانی ناو رەمانە، ئاو رووداوانەی لە چوارچێوەیێکی مێژووییدا رووددەن و رەمانکەی تێدا دەتە بەرهەم ئاو رەگەزی سەرکیە. رەمان چیە گەر رووداو دەتەزێن و مەرگەساتباریکانی میللەت و وەاتکەی خەت و ژیانی پەمەینەتی و رەژانەی ژیانی مرۆڤکانی نانوسەتەو. گەر لە دەمانی کەن داستانکان هەبوون هەموو چیرۆکە خەش و ناخەشکانیان بە زارکی دەگەرایەو ئاوا رەمان لە سەردەمی نوێدا هەمان ئەرک دەگرێتە ئەستە بەڵام بە نوسراویی. هیگە لە خەڵا ئاو دەستاوازیەی نەهێنایە ناوەو کە دەڵێ: رەمان داستانی سەردەمی بەرجوازیە.

یەکێک لە رەگەزە پایەییەکانی رەمان مێژوو. رەمان بەخەی وەک داستانێکی سەردەمی بورژوازی لە دایک بوو کە چیرۆک و رووداو و داستانە سیاسی و کەمەڵایەتی و مرۆییەکان تەماردەکات بەڵام لە ژانرێکی ئەدەبی جیاوازدا. دیارە گەرانەوەی هەر چیرۆکێک بەخەی باسی مێژوویەک، بەڵام مێژوو هەیە لە ناو مێژوودا. رەمان وەک نوێنەرایەتی کردنی ژانرێکی ئەدەبی دیاریکراو ئاو مێژوو دەگیەتەو کە مێژووی دروست کردوو. بە نموونە لە وەاتکی وەک تورکیادا ئاو رووداوانەی لە مێژووکەیدا رووياندااو مێژوویەکی دروستکردوو کە ئاستەمە چیرۆکنوس بیت ونەتوانی نەیانووسیتەو. مێژووی داگیرکدنی خاک، کوشتنی ملیۆنان مرۆڤ تێیدا، پاکتاوکردنی رەگەزی سیستماتیکی بەردەوام نەتوانە ببێتە بەرهەمێکی ئەدەبی نوسەریک کە خودی نەتەوەکەی یەکەمین قوربانی ئاو مێژوو بە ئاخەدبە چ پرسیارگەلێک بەرەوو رووی ببێتەو. مێژووی کورد لە رەمانکانی یەشار کەمالدا بەو ئاستە کارساتباری و مەرگساتباری بەسەر کوردا هاتوو هیچ بوونی نیە. ئاو بەرهەمانەی گوایە بۆن و بەرامەی کوردەواری لە دەت ناسنامە و رەگەزی نەتەوەیی کوردی تێدا نیە.

ئایا سەرکوتی تورکیا بە سەر کورد و ئاوانی تر دەکرە وەک بەویانویەکی مێژووییی تەماشا بکرێ بە ئاو بە دەنگ بوون و بە

هەوستیە و شاردنەوەی بەرپرسیارێتی مێژوویی نوسەر؟ ئایا سیاقی تاریخی چیە کە نوسەری تێدا دێژی و تێیدا هەڵدەکەوێت؟ ئایا جیاوازی چیە لە نێوان ئەو چوارچێوە مێژوویەی یەشار کەمالی تێدا بووە و ئەوانی تری تێدا ژیاوە لە هەمان زەمان و مەکاندا کە لەسەر کورد و پرسی کورد هاتوونەتە دەنگ بەهام ئەم هیچ دەنگێکی نەبووە؟ خە محمد ئەزەنیش خەڵکی هەمان شوێنە وەک یەشار کەمال بەهام ئەو نەک هەر ئەوەی نەکرد کە باس لە کورد و کوردبوون وجودی نەبە بەڵکو بەرهەمەکانی بە زمانی دایکی خێی نوسی. ئەو هات خێی فێری زمانی کورد کرد و بەرهەمەکانی بە زمانی کورد هاتە نوسین و وەشاندن. دیارە من لێرەدا نامەوێ بچمە سەر ئەو بابەتی زمانە بەڵام گەر یەشار کەمالێک هەندە بە توانا بە لە زماندا و بتوانێ نەک داهێنان بەڵکو ئەفراندن بکات لە زمانی تورکیدا بەوەی کە فەرهەنگی تایبەتی بە ناوەوە دادەنرێت ئاخە نەیدەتوانی خێی فێری زمانی کوردی بکات چ ئاخاوتن و چ نوسین؟ زانستی نوێی زمان ئەوەمان پێدەڵێت کە فەر بوونی زمان هیچ پەیوەندی بە تەمەنەوە نیە بەڵکو پەیوەندی بە شێدابوون و هەوادانەوە هەیە.

یەشار کەمال و سیاسەت

یەشار کەمال کەسێکی سیاسی و چالاکوانێکی سیاسی دێرکەوتوو بووە و لە خەپیشاندانەکانی پارتی کرێکارانی تورکیای سالانی شەستەکاندا بەشداری سەرکی هەبووە. یەکێک بووە لەو ناوانەی کاتێک ئاوگەی سیاسی لە تورکیادا رووەدات لە سالانی کۆتایی شەستەکاندا بەتایبەت کودەتای سەربازی لە سالی ١٩٧١ کە کەمپینی گرتن و تیرۆکردنی نیاران و چالاکوانانی ڕەوتی چەپگرایی سیاسی تەشەنە دەکات، یەشار کەمال هەڵدە لە وڵات و بەرەو هەندەران دەڕوات و دوای نزیک بە دوو ساڵ دەگەڕێتەوە تورکیا. ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە هیچ یەکێک لە وەستگە و کار و چالاکیە سیاسیەکانی یەشار کەمال پەیوەندی بە کورد و کوردبوونی خەیەوە نەبووە دوور یا نزیک. بەشداری کردنی یەشار کەمال لە دونیای سیاسەتدا ئەوەی بە ڕوونی دەرخست کە یەشار کەمال ڕەشنبیرێکی سیاسیە و ئاگای لە خشپەی مار و مێرووی ئەو وڵاتە هەیە و وەک خێی دەڵێ باوەڕی یەقینی بەوە هەیە کە "نوسین کردەیەکی سیاسیە بە مانای فراوانی وشەکە و کاریگەری راستەقینەی خەیشی هەیە." (س٩)

پرسیارگەل هەن لەم بارەیەوە بکرێ، بەهام یەک پرسیار بەس بکرێ: ئایا لە دێژی کورد سیاسی تر هەیە نەک هەر لە تورکیا بەڵکو لە جیهانیشدا کە هیچ یەکێک لە بەرهەمەکانی یەشار کەمال لەسەر مرێی کورد و پرسەکەی نیە و بگرە تاکو تەمەنی حەفتاودوو ساڵیش هیچ

هێواستی دێنگێکی لێوە نەهات لەسەر کورد لە تورکیادا لە کاتێکدا نوسەر و ئەدیبی تورک هەبوون لەسەر کورد و دژەکەی سزای سیاسی و مالی و زیندانی دەکران؟ با حەمەدێک لەسەر زەوی وەاتی کوردان بێت کاتێک بابەتەکە هیچ پەیوەندی بە بەشمەینەتی و چەوسانەوەی کورد نەبێت. گەر بیروباوەڕی چەپ بوون گوزارشت لە کەشێکی چینایەتی پە چەسانەوەی ئاغایەک و زەمەتکەشێک بکات بە ئەو بیروباوەڕە نەتوانی نوسینەک بەرهەمبهێنە باس لە چەوسانەوەی میللی و جینەسایدی جەستەیی و فەرهەنگی نەتەوەیەکی گەورەی وەاتەکە بکات لە کاتێکیشدا خەی بە رەچەڵەک ئەنامەکی ئەو نەتەوەیە بێت.

ئەوەی من لێرەدا دەمەوێ بیڵیم هەرگیز بەو مانایە نیە کە لە کوردستان داوا لە رەشنبیران و نوسەران دەکرێت هێواستی سیاسیان هەبێت سەبارەت بە کێشە و ململانێی حزبەکان یاخود وەک ئەوەش نیە کە "پیەر بەردیە" دەیێیت گوایە هێواستی سیاسی نوسەر لە کێگەی رەشنبیری دەردەهێنێت؛ بەڵکو بەو مانایەیە ئەدەب جیە گەر گوزارشتکەری واقعی وەات و خەڵکەکەی خەی نەبێت. چەوسانەوە و ژێر دەستەیی و سەرکوت و کوشتارگەکان کە بە بەرچاوی خەیەوە رووبان دابێت نەتوانێ سکی نوسەرێک پە بکات بە بەرهەمێک یاخود وێژدانی نەجوڵێنێ یان جەساڕەتکی مرۆیی پە نەدات ئاخە چیتر هەیە ئەو نوسەرە نەخاتە ژێر پرسیارەوە. کاتێک لایەک لە وەات خاپوردەکرێ و داروپەردووی بەسەر یەکدا دەسوتێ و ژن و کچ لاقە دەکرێ و مەمکیان دەبڕدرێ و بە کەمێ دەکوژرێن و دەسوتێنرێن و ئەوەشی ماوە وەک لە ئاژێ خراپتر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و سەرکردەکەیان لە سەر خوانی میوانی و گفتوگۆ بە داردا دەکرێ و دواتر دەیکەن بە عیبرەت خەڵکەکەی و مێژووکەی تەنها بە خاتری ئەوەی دەیانەوە ناسنامەی رەگەزی و فەرهەنگی و مافی سەربەستی بوونی وەاتی خەیان داوابکەن؛ بەڵام نوسەر لەولاوە خەریکی نوسینی رەمانێک بێت کە دوور و نزیک پەیوەندی بەو واقع و رووداو و ژیانی رۆژانەیەوە نیە کە خەی تێیدا ژیاوە.
ئەم هێواستەی یەشار کەمال یادەوەریەکی نازم حیکمەتم دینێتەوە یاد کە حلمی عەلی شەریف ساڵی ١٩٨٩ لە رۆژنامەی هاوکاریدا دەربارەی ئەو دەمی بیرستروکا و رووداوە نوێیەکانی جیهان دەینوسی. دەڵێت: کاتێک خەڵکان و نوسەران و چالاکوانانی چەپ و ئازادیخواز لە تورکیا لە ژووڕکانی زیندانداببوون، نازم حیمەت خەریکی شعر نووسین بوو بە رەشکانی ئەریقیا لە کاتێکدا کوردەکانی ژووڕکەی ئەو دیو فەلاقە دەکران و لە سەدارە دەدران.

بیروباوڕی چەپەتی بوون پەبەهانەترین ڕەگەز بوو بۆ یەشار کەمال کە خۆی لە کوردبوون و کێشەکەی بدزیتەوە و خۆی لە ژیان و کەسێتی تورکیدا بەرجەستە بکات. کەسێتی و پارت و جوڵانەوە چەپەکانی ئەو دەورانانە کەم نین کە بۆ بیانووی بیورباوڕی چینایەتیەوە خۆیان لە مەسەلەی نەتەوەیی میللەتانی ژێر دەستە دەدزیەوە بۆ بیانووی گوایە مەسەلەی چینایەتی لە پێشترە وەک لە مەسەلەی نەتەوایەتی. دەکرێ لە باری تیۆرییەوە ئەو بابەتە ڕاست بێت بەڵام ئەوە کەمڵی حوکم و ژینگەی خۆی هەیە و هەموشیان جەخت لەسەر مافی نەتەوەیی میللەتەکان دەکەن و بگرە مافی جارێی خۆنوسینی میللەتان یەکێک بووە لە پایە سەرەکیەکانی مارکسیزم-لینینزم و جوڵانەوە مارکسیەکانی ئەو کاتە. ئەو دەمەی یەشار کەمال حەمە دەک دەنوسێ کە تێیدا کێشەیکی چینایەتی دەخاتە ڕوو، شڵەژانێکی سەید ڕزا هەڵدەگیرسێ کە تێیدا دوو پێیام هەم تیۆری و هەم سیاسی تێدا بەرجەستە بووە ئەوانیش: ئەو شەرشە هەڵایسانکی میللی نەتەوەیکە کە داکۆکی لە مانەوەی ناسنامە و فەرهنگیان دەکەن، هەروەها کێشەیکی چینایەتی بەرهەقی سیاسیە کە میللەتێک دەچەوسێنرێتەوە لە لایەن میللەتێکی ترەوە. ئەفسوس یەشار کەمال ئەمانە هیچی نابینێ و ئیمەش ئیستا دەمانەوێ بە زێر بیکەین بە ڕەمانوسکی کورد و پرسی کورد.

تورکیا شانەی کوشتارگەکان

یەشار کەمال لە وەتکدا ژیا کە جگە لەوەی سەر لەبەری ڕووداوی سیاسی و کارەساتی مرۆیی و ناهەقی و ناعەدالەتی و چەوسانەوەی میللی و فەرهەنگی نەتەوە و کەمینەکانی تری ناو تورکیا بوو، لانکەی جینەساید و کۆشتارگەی نەتەوە و پاکتاوی نژادی کەمینە غێرە تورک و ئاینیەکان بوو. تەنها لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا واتە بیست و سێ ساڵ پێش لە دایکبوونی یەشار کەمال "لە نێوان ساڵانی ۱۹۰۰-۱۹۲۳ ڕژەمەکانی تورکیا سێ ملیۆن و نیو بە چوار ملیۆن و سێ سەد هەزار ئەرمەنی و یۆنانی و مەسیحیە ڕۆژهەڵاتیە نەستوریەکان و کریستیانەکانی تریان کوشتووە. (س۳) ئەمە جگە لە قڕە و عامی یەزیدیەکان و عەلەویەکان. لەو ساڵەوەی یەشار کەمال لە دایک بوو تا ڕۆژی مردنەکەی (۱۹۲۳-۲۰۱۵) واتە لە ماوەی نەوەد و دوو ساڵدا، سی و حەوت کوشتارگەی جەراوجەر لە کەمەکۆژی و سەرکوتی شۆش و ڕاپەڕینەکانی کورد و قڵاچۆکردن و ڕاودوونان و تیرۆرکردن و کوشتن و مردنی ناو زیندانەکانەوە لەو وەتەدا لەسەر دەستی دەوڵەتی تورکیا دژ بە کورد و کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکانی تر وەک ئەرمەن و شەرکەس و یۆنانی و جوو و مەسیحی و عەلەوی ئەنجام

دراوە کە تێیدا هەزاران مرۆڤ بە منداڵ و ژن و پیر و لاوەوە تێیدا بوونە قوربانی. گەر تەنها کارساتەکانی کە بەسەر کورد هاتوون باس بکەین ئەوا بەرهەمی جەندان رۆمانی لێ دەردەچێ. بۆ نموونە، کوشتارگەی دیاربەکر یاخود شەشەکەی شێخ سەعیدی پیرانلە ناوەراستی ساڵی ١٩٢٥ زیاتر لە پانزە هەزار کوردی تێدا کوژرا و زیاتر لە ٢٠٦ گوند سووتان و وێرانکران.
سەرهەڵدان و سەرکوتکردنی شەشەکانی کورد کە بە دوای خۆیدا چەندان مەرگەساتی تاقەنەری بە دوایخۆیدا هێنا کە لەمڕووەدا وێنەی کەمە. لە کوشتارگەی دەرسیمدا، وەک دەیقد ماکدوال دڵێ "زیاتر لە چل هەزار کەس کوژران." (س٥) ژن و منداڵ بە زیندووەتی ئاگریان تێبەردرا. گەی مەمکی کچ و ژنیان بڕیوە بە قەمە. کچێکی تازە هەڵکەوتووی کورد لە کوشتارگەی کوردانی دەرسیم، ساڵی ١٩٣٨، لە لایەن سەربازە تورکەکانەوە گەی مەمکەکانی دەبڕدرێن بۆ نیازی گەر منداڵی کوردی بوو لە ئایندەدا ئەوا نەتوانێ شیری پێ بدات. ئەو کچە ئیستا بەتە دایەپیرێک و تەمەنی سەروو نەوەدەکانە. دەوروبەری چل پەنجا ساڵێک دوای ئەو ڕووداوە، لە یەکەک لەو جارانەی یەشار کەمال دەتە ئەوروپا، دەچە بە لای و هەموو چیرۆکی کارساتەکە و خەیشی بە دۆگەتەوە بۆ هیوایەی یەشار کەمال بیکاتە هەوێنی یەکێک لە بەرهەمەکانی کەچی یەشار کەمال هەر وەڵێی کرد و هەرگیز نە ئەو ژنە و نە منداڵانی ئاگرتێبەردراو و کوشت وبڕی مەمک و سکی ژنی کورد و کوشتنی سەدان دیل هیچ وژدانی یەشار کەمالی نەبزواند و نە هیچی لە بارەوە گووتن و نە هیچی لە بارەوە نوسین. ئایا ئەم ڕووداوانە هی ئەوە نەبوون ببن بە هەوێنی بەرهەمێکی جا چ نویسینی ڕۆمانێک یاخود تانانەت وتارێکیش بێت. دیارە تاکو تەمەنی حەفتاودوو ساڵی یەشار کەمال بە دەنگ دەبێت و بەڵام دوای ئەوە قسەیکی دەبێت و لەم نوسینەدا دەمەوێ سەری. گەر ئەو هەموو کارساتە و ڕووداوانەی کوردستان دەماری ڕچەڵەکی کوردبوونی یەشار کەمال یاخود وەک خۆی دڵێ (ویژدان)ی نەجوڵێنێ ئەی چی دی تر دەیکات.

یەشار کەمال لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێ "من لەسەر کەشکان نانوسم. بە جەماوەرێکی تایبەت شت نانوسم. تانانەت دەربارەی خەشم نانوسم. بەڵێ یاخی بوون هەیە لە ڕۆمانەکانی منداا بەڵام یاخی بوونێ دژی فەنابوون. جیاوازی من لەگەڵ ئەوانی تردا من ئەوە دەنووسم کە لە مەشکی خەمدایە." (س١) جا بۆیە تا ئەوەندەی بە کورد و دەزگەیەوە بگەرێتەوە ئەوا شتێک نیە لەو نەوەدا کە شایانی ئەوەبێت پرۆژەیەکی بە بەرەبخرێ بە ناوی گەانەوەی زمانی کوردی بە یەشار کەمال. ئایا

بەن و بەرامەی کوردەواری یاخود ناوهێنان و کردنی شوێن لە ڕەمانەکانی ئەودا دەکرێ ببێ بەو ئاستە لە بینین و تێگەیشتن گوایە بەرهەمەکانی یەشار کەمال لەسەر کورد و دەزی کورد بووبێ. بێگومان نەخێر، چونکە گەر وابوایە ئەوا یەشار کەمال لە مێژبوو نەما بوو وەک موسا عەنتەر یاخود بە دەردی ئیسماعیل بیشکچی و ئەوانی تر دەچوو. گەر یەشار کەمال خەی بە کورد پیشان بدایە و بەرهەمەکانی باسی کورد و دەزی کوردی بکردایە ئەوا سەرکردە و پیاوە دەوڵەتیە گەورەکانی تورکیا وەک داود ئۆغڵۆ و عەبدوڵڵا گوڵ ستایشیان نەدەکرد لە ڕۆژانی پرسەکەیدا. بەڵێ، یەشار کەمال لە نوسەریکی جووی ئەمانی دەچێ و کێ لە دەمانی جینسایدی جووەکاندا ژیابێ و هیچ نوسین و قسەیەکی نەبێ لەو بارەیەوە. ئاستی وێژەیی ڕەمان وەک زمان و تەکنیکی نوسین گرنگێ بەڵام لەو گرنگتر بابەکانی ناو ڕەمانە، ئەو بابەتانەی کرێکی مرۆیی نوسەری پێ لە تەتەڵ بێژنگ دەدرێ. ئەوانەی کە لایەنی تەکنیکی ڕەمان بە گرنگتر دەزانن لە بابەتەکانی ناوی وەک تەفیق الحکیم دەڵێ ئەو مەسەلە چینییەم دەهێنتەوە یاد کە دەڵێ: من بە پەنجەکانم ئاماژەی مانگ دەکەم بەڵام بە ئاوەز سەیری پەنجەکانم دەکات.

هەندێ دید هەن گوایە نابێ داوا لە نوسەر بکرێ چی بنوسێ و چی بڵێ و چی نەنوسێ چونکە نوسەر خەی خاوەن خەیاڵ و پابەندی هیچ ڕاوبۆچوونێک نیە بەڵام ئەوە دەکەری بە هەندێ ڕەمان نوس لە جوگرافیایەکی دیاریکراو و وەاتەک و مێژوویەیکی تردا بژی کە جیای دەکاتەوە لەو نوسەرانەی خاوەن مێژوویەکی تەواو جیاوازتر بارودۆخێکی سیاسی پێ کەشتر و پرسی نەتەوەیی. لەمی دووەمیاندا ڕەمان چیە گەر کەشێ و ڕووداوێ کارساتباری ومەرگساتکانی میللەتەکەی خەت پێ نەنووسەتەوە.

ڕەمانی سۆتانی فیلەکان

یەشار کەمال بە کاک بەکر شوانی گوتووە "ئەوانەی پێم دەڵێن هیچم بە دەزی کورد نەکردووە، با بچن (سۆتانی فیلەکان و مەروو شەڵەی یەشسوور) بخوێننەوە!" (س١) ئەم ڕەمانە وەک کاک بەکر دەڵێ "کتومت وەنای پێوەندیی نێوان سیستەمی سیاسیی تورک و خەباتی گەلی کورد دەکات" ئەوا لە مێژبوو قەدەغێ دەکرا و بگرێ نەیاندەهێشت هەر چاپ بکرێ، ئەمێ لە لایەک; لە لایەکی ترەوە, گەر دەزی کورد ئەو دەزەی بە وەنەترین و تاقانەترین دەزی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانیێ لە جیهانەدا و بە تایبەت لە تورکیادا گرنگترین و هێستیاترین و گەورەترین دەزێ چ بە کورد و چ بە تورکیا و ناوچەکە و جیهانیش

ئەوا شایەنی ئەوەی هەیە چەندان ڕۆمان نا بەس ڕۆمانێکی گرنگی وەک حەمەدێکی لەسەر بنوسرێ نەک ڕۆمانێکی وەک کتێبی کلیلە و دمنەی لەسەر بنوسرێ.
سوڵتانی فیلەکان لەگەڵ ئەوەی وەک جیرەکی ئاژەڵان و دارستانەکان تام وچێژی خۆی هەیە، بەڵام بە دەسەلاتترین هەوڵە کە یەشار کەمال دابەشی گەڕ بیەوێ ڕۆمانێکی لەسەر دەزی کورد نوسیبێ. لە شەوازی نوسینی کلیلە و دمنەیيدا دەکرێ هەر ئاژەڵ و پەلەوەر و تەیروتورەک بکرێ بە ڕەمزێک بۆ شتێک بۆ مەودا دووربینی و مانا گشتیەکەی بەڵام دەزێکی وەک کورد کە خەت ئەندامەکانی ئەو دەزێبیت و بۆ بەرچاوتەوە کارەساتبارترین و مەرگەساتترین ڕووداو بەسەر میللەتەکەتدا هاتبێ و لە جیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ بیکەی بە هەوێنی ڕۆمانێک کەچی دەیت و ئەو کەشە بەرهەمێ مێژوویی بەردەوامە بە فیل و مەرووڵە بچوێنیت.
ئەو نووسەرانە زۆرن کە کەشە گەورەکانی میللەتەکانی خۆیان چ سیاسی یان کەمەڵایەتی کردووە بە هەوێنی کتێبێک و چ وێژدانی خۆیان و چ سەربەرزی خەڵکەکەی خۆشی پێ تەمارکردووە و بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆیان بە ئەنجام گەیاندووە بەڵام هیچ یەکێک لە ڕۆمانەکانی یەشار کەمال باسی کورد و دەزەکەی نین. ئالی وایزێ جولەکەی ڕزگار بوو لە کەمپی ئاشقیتی سوتاندنی جووەکان، یەک شەو توشی کارەساتێکی گەورە بوو کە چەوسانەوە و کوشتنی خۆی و میللەتەکەی دیت کردی بە کتێبێکی نایاب بە ناوی (شەو).
یەشار کەمال خۆی شاهیدی هەموو ئەو چەوسانەوە و کوشتارگایانە بووە دژ بە کورد بەڵام هیچی نەگووت لە بارەوە. دەزانم، لەوانەیە لەڕەدا پرسیارگەلی ئەوە بێتە پێش گوایە ئەو ڕۆژگارانە ڕۆژگاری ڕەش بوون و کەس نەیتوانیوە فزەبکات ....هتد بەڵام من ئەمانە بە بیانوێک دەبینم لەگەڵ ڕەزمدا. با داوای ڕۆمانێک نەکەین، خۆ ئەو هەر هیچ نەبوایە دەیتوانی یادگاریەکانی لەو ڕۆژانەدا بنوسێتەوە، وەک خەم و هەست و عەزابخواردنی ناوەوەی دەی خۆی کە چی بەسەر کورد و دەزەکەیدا هاتووە وەک موسا عەنتەر و جەنگیز چاندار و دەیانی تریش کردیان. گەر شتێکی ئاوهاشی بکردایە دەمان پێی خۆش دەبوو و دەمانتوانی ئیستا وەک بەڵگەیێک بەدەستمانەوە بە تاکو بەیین یەشار کەمال لە خەمی کورد و دەزەکەیدا بووە. دیارە من ئەمە وەک ئەزعەفولئیمان دەڵێم دەنا ئەو بەو پەودانگەی کە باس دەکرێ گوایە کورد بوونی ئەو زەر تەخ بووە دەیتوانی بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی هەبە لەسەر کورد و دەزەکەی یان مەرگەسات و کارەساتە بەردەوامەکانی.
دوواتر هەندێ خاڵ باس دەکەم بەڵام ئەوەی نەکردووە.
ئەو وێنە و کەستی و هەندە جار وشە و ڕستە کوردیانەی لە نەو ڕۆمانەکانی یەشار کەمالدا هەیە بە هیچ کلۆجێک ڕەنگدانەوەی

دەزگەی نیە: لە لایەک ئاسایی نوسەر گوزارشت لە جگە و رگەی زیدی خەی باو و باپیرانی بکات؛ لە لایەکی ترەوە، وەک هەر کەستی و ناوجەیەکی تری تورکیا سەیرکراوە بۆیە رەمانکانی نەبوونەتە جگەی نارەزایی عامەی خوەنەری تورک و حکومەت و دەوەتەکەی. گەر شوەنگەی رەمانکانی یەشار کەمال ناوجە کوردیەکانە ئەوا لە تورکیادا جوگرافیا دەور ناگەی لەو بارەیەوە. تەنها لە دوو سالی دوایی دەیەی نەوەدەکاند کە عەبدوەلا ئەج ئالانی تەدا گیرا، سەرەک وەزیران (بوەند ئەجەوید)، وەزیری ناوخە و سەرەکی پەرلەمان (حیمکەت چەتین) و سەرەکی کاتی تورکیا بە ماوەیەک (ئارەز) کوردبوون و خەکانی شارە کوردیەکان یاخود ئەسە و فەسیان لەوەوە هاتوون. بەام ئەمە هیچ لە کەشەکە ناگەت چونکە تورکیا هەر تورکیایە جا ئەو هاوەاتیە لەهەر کوەیەکەوە هاتبە، چونکە ناسنامە هەر یەک ناسنامەیە. کوردەک کە ناسنامەکەی تورکیە، دەتوانە ببە بە سەرەک وەزیران و سەرەک کەماریش. بۆ؟ چونکە تە هەر تورکی و بە تورکی قسەدەکەی و لە خزمەت سیاسەت و دەولەتی تورکی دایت. خالەکی رەمزی تر، کە دەتە پەش پەپولە سولەیمانەکەیە. ئایا پەپولە سولیمانەکە ئاماژەیە بە پەپولە سولەیمانەکەی داودی پەیامبەری جووەکان وەک ئاماژەپیدانەک بە دەولەتی ئیسرائیل و سیاسەتی ئیسرائیلی لە ناوجەکەدا ئەوا زەر قسەوباس هەلدەگرە کە ئەو رەمانە زیاتر دەخاتە بازنەی گوماناوی ئەوەی کتومت بە کورد و دەزگەکەی نوسرابە. و من لەرەدا ناچمە سەری و دووبارە هەر دەلەمەوە کە ئەو رەمانە ناتوانە بچوەندرە بە کەشەی کورد و دەسەلاتی تورک گەر لایەنی تەکنیکی رەمزی وەربگرین رەمانەکە لەبەرچاو بگرین ئایا تا چەند تەوزیفکردنی ئاژەەکان لە جەی خەیدایە بە لەکچواندنی مرەی کورد و دەسەاتی تورک و ململانەی نەوان کورد و تورک، ئەوا پرسیارگەلی مەژوو ژمارە و قەبارە و شەوە و شەوازی رەمز دەنە پەش کە بە ئاسانی ئەو دیدە رەت دەکەنەوە گوایە ئەو رەمانە کتومت وەنای کەشەی کورد و دەسەلاتی تورک بکات لە تورکیادا. بۆیە "خوەندنەوەی وردتر و راستتر ئەوەیە، کەمەگەی مەروولەکان تگەیشتنە لە چینە جیاوازەکانی گەل کە کاردەکەن و بەرهەم دەهەنن و بە گوەڕەی ئەدەبیاتی سوسیالیستی ناوەراستی سەدەی بیستەم هەر ئەوانیشن چینی زەحمەتکەش." (س٦)

یەشار کەمال و خەمی تورکە سەربەسەرەکان

لە سالانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و بە دیاریکراوی سالی ١٩٢٣ بەسەرپەرشتی (عصبة الأمم) کە دواتر بوو بە (نەتەوە یەکگرتووەکان)ی ئەستا، ئاوگەەک لە نەوان تورکیا و یونانستان بەروو چوو کە هەرچی یەنانی هەیە لە تورکیا بنەردرەن بە یەنان و تورکە

نیشتەجێبووەکانی یەنانیش بگەڕێندرێنەوە بۆ تورکیا. ئەو تورکانەی پەنایان دەوترا تورکە سەربەسەرپێکراوەکان. بەشێک لەو تورکە گوندیە سەربەسەرپێکراوانە نیشتەجێ دەکرێن لەو گوند و ناوچەیەی ، وەک چوکورئاوا، یەشار کەمال ژیانی مەرد منداڵ دەبێ و دواتر هەرزەکاری تێدا بەسەر دەبات. شەوەی ژیانی ئەو گوندیانەی وەک لەوەی خانوی جوان جوانیان دروست کردبوو، لەوەدەچوو شەوازی ژیانیان و ئەو شوێنانەی لیی نیشتەجێ ببوون، ببووە جێگەی ئیرەیی و ناحەزی گوندیە رەسەنەکانی ناوچەکە، بۆیە ئەو شوێنە بۆ جەدەهەن و کەچ دەکەن. ئەو رووداوە بۆ رادەیەک کاریگەری لەسەر یادەوەریکانی یەشار کەمال دادەنێ دەیکات بۆ ڕەمانکی چەند بەشیی بۆ ناوی "بەسەرهاتی دوورگەیەک" و لە جاوپێکەوتنکی ڕۆژنامەی سەباحی تورکیدا ئاوها ئەو یادەوەریە دەگێڕێتەوە کە ڕەخنە و پرسیاری من لە یەشار کەمال بەهێزتر دەکات. فەرموون ئەمە پەرەگرافەکەیە:

(لە گوندی ئەمە قوتابخانە نەبوو بەمە بەستی خوێندن لە قوتابخانە چوومە ماڵی خزمەکمان لە (کادیرلی) ماوەیەک لەوێ مامەوە بەڵام لەبەرئەوەی نەمویست لەو ماڵە بمێنمەوە لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا دەستم بە هاتوچۆ کرد هەموو ڕۆژێک بەڵای گوندەکدا تێدەپەڕیم کە پێشتر چەند شتەکم لەبارەیەوە بیستبوو دەووترا خەڵکانێکی بیانی هاتوون و لەو گوندە نیشتەجێ بوون، دواتر بەشی زۆریان بە نەخۆشی مەلاریا مردوون و هەڵسوکەوتی خەڵکی دەوروبەریش لەگەڵیاندا زۆر خراپ بووە، تا قۆناخی خوێندنی سەرەتاییم تەواو کرد بەردەوام بەڵای ئەو گوندەدا تێپەڕیم و بەردەوام گوێبیستی بەسەرهاتیان بووم، کەمێک گەورە بووم و خوێندنی سەرەتاییم تەواو کرد دیسان بەڵای ئەو گوندەدا تێپەڕیم ڕۆژێک دووکەڵەشێکی گەورەم بەدی کرد دووکەڵەشێکی ئەستوور و بەرز بوو، کاتێک گەیشتمە قۆناخی ناوەندی، لە گوندی هەمیتە ژنێکی خزمی باوکم و دەستخوشکی دایکم چیرۆک و بەسەرهاتی ئەو گوندەی بۆم گێڕایەوە، پێکەوە چوویین بۆ پیاسەی ناو دارستان لەوە ووتی: سەیر بکە کوڵەکەم لەو گوندە کەچبەرە سەربەسەر پێکراوەکان دەژیان، ئەوانە ئەو تورکانە بوون کە لە یەنانستانەوە هاتبوون و بۆ یەنانییانە گێڕابوونەوە کە لەرە دەرکرابوون، لە نزیک (ئاناقارز) سە گوندی لەو جۆرە هەبوون سە گوندی زۆر جوان بوون، بۆ جۆرە بەسەرهاتی ئەو گوندەم بۆ ئاشکرا بوو کەچبەرەکان لەو گوندانە خانووی جوانتریان بنیات نابوو بەڵام لە دەست ستەم و زۆرداریی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر ڕزگاریان نەبووە، بۆیە سەری خۆیان هەڵگرتبوو و ڕەیشتبوون، کاتێک بووم بە ١٥ و ١٦ ساڵان کەوتمە هەوەدان بە دەزینەوەی ئەو خەڵکانە نەمتوانی بیاندەزمەوە و زۆر خەفەتم خوارد، چیرۆکی ئەو گوندەی چوکورئەقام

بە ئابیدین دینە گۆڵایەوە. ئەویش ووتی ئەوە جوانترین بابەتە تا ئێستا کەس شتێکی جوان و بەکێکی لەو بارەیەوە نەنووسیوە، بەو جۆرە بەسەرهاتی کەچبەرە سەربەسەر پێکراوەکان بوون بە بابەتی زنجیرە ڕۆمانی "بەسەرهاتی دوورگەیەک." (س١٠)

پرسیار کە لێرەدا دروست دەبێ و دەبێت بە ڕەخنەیەک لە یەشار کەمال: ئاخۆ بە ڕووداوێکی ئاوها ، ئەو تورکە سەربەسەر پێکراوانە دەبن بە خولیای نوسین و بە دواییدا دەچێ و دەیکات بە ڕۆمانێکی گەورە؟ ئەمە ڕێک هەر لەو دەمانەدا بووە کە ڕووداوی کوشتارگە و خاپورکردنی دێیەکانی کوردستان و کوشتنی منداڵ و ژن و پیر و پیرەژنی کوردان نابن بە خولیای و بۆتە کەمەلی دەهاتی تورک دەبن بە خولیای بەرهەمێکی گەورەی؟ لەو ڕۆمانانەی کە هەندێ ڕۆشنبیر دلیان پێخۆشە گوایە یەشار کەمال باسی کورد و وڵاتی کوردان دەکات لە هیچیاندا ناوی کورد وەک ئەم تورکانە نەهاتووە یاخود لە هیچیاندا باسی پرسی ئەو خەڵکە جێندان ملیانێ وجودی نیە لە بەرهەمەکانیدا بۆتە چەند گوندێک ئاسەرێکی گەورەیان هەیە لەسەری؟

لە تورکیا، لە نەو خوێندەری تورک و لە سیستەمی دروستبوونی تاکی تورک باسکردنی ڕووداوەکان چ لە هەکاری ماردین و ئامێدی بێت یان لە ئەنکەرە و ئیستانبوڵ بێت هیچ جیاوازیەکی نیە مادامەکی ناو و ناسنامەی جیاواز لە ناو و ناسنامەی تورک جودا نەبێت. خۆ گەر خوێندەری تورک و حدوودێتی تورک بیاندیبایە یاخود بە ڕەمزیش هەستیان بەوە بکردایە کە یەشار کەمال باسی کورد و دەزی کەرد دەکات ئەوا بەرهەمەکانی هەر لە بازارەکاندا دەسوتێنران. بۆتە ئەوە ڕوونە کە یەشار کەمال کەسێتیەکی تورکی بەرجەستە کردووە لەخەیدا هەر ئەو بەرجەستەیەش مانەوە و بەردەوامیدانی بە یەشار کەمال و بەرهەمەکانی داوە لە تورکیادا بڕوای هەبێ و کاتەکیش دەمرێت رابەرانی حزبەکەی کەمال ئاتاتورک و سەرکردە ئەردەغانیەکانی دەوڵەتەکەی تورکیا لە ناشتنی تەرمەکەی و پرسەکەیدا ئامادە دەبن و یەک لەد وای یەک ستایشی دەکەن بەوەی ئاشتی پڕوڕ بووە و داوای ئاشتی کردووە لە وڵاتدا. دیارە چەمکی ئاشتی پڕوڕی لای تورک چیە و چ ڕەهەندێک و مانایەکی هەیە.

